هەرکەسێک بەرگری لە کەسایەتی برا ئامادەنەبووەکەی بکات؛ ئەوا خوای گەورە دەموچاوی دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بەرگری لە کەسایەتی برا ئامادەنەبووەکەی بکات؛ ئەوا خوای گەورە دەموچاوی دەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەتدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک بەرگری لە ناموس وناوبانگی برا ئامادەنەبووەکەی بکات، بەوەی ڕێگر بێت لە سەرزەنشتکردنی وتانەلێدانی، ئەوا خوای گەورە لە سزا وئازارەکانی ڕۆژی قیامەت دەپارێزێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5514